توركیا :  ئەکتەری گرنگ لە باشووری کوردستان!

بە داگیرکردنی خاکی کوەیت لەلایەن سوپای عێراقەوە شانسی کورد ڕووی لە گەشبوون کرد، گۆڕانکاریی ستراتیجیی هەرە گرنگی بە دوای خۆی دا هێنا، جەنگی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دژی سەدام حسین و دەرکردنی سوپای عێراق لە کوەیت ساڵی ۱۹۹۱، ئەو شانسەی گەشبینتر کرد لە هێرشی سەرۆک بۆشی دوو، ئەم جارە ڕژێمی سەدام بە تەواوەتی ڕووخێنرا لە بەهاری۲۰۰۳ دا.

گەلی کورد لە باشووری کوردستان پاڵپشتی ئەمریکا بوو، هەموو ئامادە باشی خۆی دەربڕی بۆ هاوکاری کردنی ئەمریکا،  واشنتۆن هاوسۆز بوو لەگەڵ کوردی باشوور کە تووشی نەهامەتی و جینۆساید ببوو بەدەست ڕژێمی بەعسەوە. ئەمریکا و ئەوروپا هێشتیان کورد ئیدارەی خۆی بکات تا ڕادەیەک بە سەربەخۆیی دەچێت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووری کوردستان دروست بوو.

ئەو گۆڕانکاریانەی گرنگ و قووڵ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست  مایەی دڵخۆشکەری توركیا نەبوون، نیگەرانی ئەوە بوو کە ئەم گۆڕانکاریانە دەبنە هوی گەشەکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە تەواوی ناوچەکەدا. ئەو کاتە سوپای تورکی شەڕی پەکەکەی دەکرد لە کوردستانی باکوور و باشوور، جار بە جار بە پاڵپشتی حزبە سەرکیەکانی کوردستانی باشوور.

لەساڵانی ۱۹۹۰ دا دەوڵەتی قووڵی نەبینراو = مافیای دەوڵەت- (Deep State)  Ergenekon زۆر کارا بوو لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا، دەستی کردبوو بە شاڵاوێکی فراوان لە تیرۆرکردنی " ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەوانان، پارێزەران، چالاکوانی سیاسی و سەندیکاکان"ی کورد، دژی هەر شتێک بوون کە بوونی کوردی هەبێت.

لە ژێر فشاری ئەمریکا، تورکیا ناچار بوو دانووسان بکات لەگەڵ ئیدارەی کوردی باشوور بەڵام بەو پەڕی لووت بەرزییەوە، سووکایەتیان پێ ئەکردن و مامەڵەیان لەگەڵ ئەکردن وەک سەرەک هۆز (عەشیرەت) ، سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی بوونی گوومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە، پەیوەندییان لەگەڵ (دەوڵەتی قووڵ) ی تورکیا زیاتر دەبوو، بە تایبەتی لەگەڵ جەنەڕاڵەکانی سوپای تورک و بەرپرسەکانی دەزگای میت، لە هەمان کاتدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕژێمی سەدام حسێن لە ئاستێکی بەرفراواندا بوو، بە کورتی پەیوەندییان لەگەڵ ئەنقەرە و بەغدادا باش بوو، بە تایبەتی لەکاتی شەڕی ناوخۆ سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتی قووڵ دا بەرەو زیاد بوون دەچوون وردە وردە هەبوونی میتی تورکی، سوپای تورکی، ئابووری، سیاسی،بازرگانی، ڕووی لە پەرەسەندن بوو لە باشووری کوردستان، بە تایبەتی پاش ئەوەی کە بۆ بەرپرسە تورکەکان ڕوون بوو کە تاچەند سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان هاوکار و گوێڕایەڵیان دەبن، ئە و کاتە داخوازییەکانی تورک بەر فراوانتر بوون، توانیان ئەو هەلە بقۆزنەوە، سوودمەندبن لەسەروەت و سامانی کوردستان بە تایبەتی لە بواری وزە (ئەنێرجی) ، هایدرۆکاربۆنات، نەوت و غازی سرووشتی و پشکی شێر بۆ خۆیان دابین بکەن، تورکیا وردە وردە توانی ئابووریی کوردستانی باشوور ببەستێتەوە بە بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیەوە.

پاش رووخانی ڕژێمی سەدام حسێن لە بەهاری ۲۰۰۳ دا وە هاتنی ئا کە پە AKP بۆ دەسەڵات لە ساڵی ۲۰۰۲ ، کاریگەری لە کوردستانی باشوور بە تایبەتی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو زیادبوونێکی بەرفراوان و خێرا دەڕۆیشت.

سەرچاوەیەکی تورکی زۆر ڕاشکاوانە باس دەکات تا مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۲۰۱۲ بە کۆی ۱۰۸۵ کۆمپانیای تورکی هاتوونەتە ناو خاکی کوردستانی باشوورەوە کە دەکاتە ٤٨% لە کۆی کۆمپانیا بێگانەکان کە لە ۷۸ دەوڵەتی دەرەوە هاتوونەتە کوردستانی باشوور.

لەساڵی ۲۰۱۱بە کۆی ۸۵۸۸ کۆمپانیای تورکی هەناردەی شتوومەکی خۆیان کردووە بۆ عێراق بە نرخی ۸،۳ بلیۆن دۆلار ئەو ژمارەیە ڕووەو زیاد بوونە، لە ساڵی ۲۰۱۲ گەیشتە ۱۰،۷ بلیۆن

دۆلار بە ڕێژەی زیاد بوونی ٢٩%  لە چاو ساڵی ڕابردوو. دیسان سەرچاوەکانی تورک ئاماژە بەوە دەکەن: " هەر کەسێک وا بیربکاتەوە کە تورکیا گرنگی نادات بە نەوت و غاز لە عێراق، ئەوا ساویلکەیە." و دەڵێت " پرۆژەی وزەی تورکی سەبارەت بە هایدرۆکاربۆنات گەلێک گرنگە بۆ بەردەوام بوون و گەشەکردنی ئابووری خۆی".[1]

مالکی سەرۆک وەزیرانی عێراق نیگەران بوو بە دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی عێراق لەلایەن تورکیاوە ، لەسەر ڕەخنەکانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب ئۆردۆغان، کۆمپانیای دەوڵەتی تورک.قەدەغەکرا لە کارکردن(TPAO) لە هەرێمی بەسرە. ئەم ناکۆکییە سیاسییەی نێوان سەرۆک وەزیری عێراق و تورکیا بووە هۆی ئەوەی کە ئەنقەرە گرنگی زیاتر بدات بە پەیوەندیەکانی لەگەڵ باشووری کوردستان. سەرچاوەیەکی تورک دەڵێت: "لە ژێر ئەم بارودۆخانە هیچ کەس بیر لەوە نەکاتەوە کە تورکیا دوورە پەرێز بوەستێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا کە پەیوەندی گرنگ بەستراوە لەم ساڵانەی دواییدا." و پاشان دەڵێت:

".... دوورە پەرێزی لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا کە دەیان کۆمپانیای بیانی ئەمریکی، چینی، ئەوروپی، ڕووسی، هتد لە ناو هەرێمن وە خەریکی چالاکی گرێبەستی وزەیین لەگەڵ هەرێمی دەوڵەمەند لە ٤٥ بلیۆن بەرمیل نەوت ٦ تریلیۆن مەتر سێجا غازی سرووشتی بۆیە دوورکەوتنەوەی تورکیا لەم هەرێمە کارێکی نامەنتیقیە."[2]

لە مێژووی نزیکدا تورک و فارس خاوەنی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورە و بە هێز بوون، لە دەستپێکی سەدەی بیستەمدا هەڵوەشان و داڕمان، ئەوا دیسانەوە لە سەدەی بیست و یەکەمدا هاتنەوە سەرخۆ، لەگەڵ زۆربەی هۆکارەکانی هێزی داگیرکردن وە بڵاو بوونیان لە وڵاتە نەخۆشەکانی دراوسێ وەک : (عێراق، سوریا، لوبنان). ناردنی سوپا بە هەزارەها سەرباز وە داگیرکردنی خاکی وڵاتانی تر بە سەرچوو . لە جیاتی لەشکر ناردن و داگیر کردن، هێزی ئابووری، کولتوری، بازرگانی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو ئەو کارە دەکات، بە واتایەکی تر (دیپلۆماسیە تی نەرم و بێ دەنگ) ئەو ڕوڵە دە بینی. ئیستا ئیران لە باشووری عیراق بڵاودەبێتەوە، و تورکیا لە کوردستانی باشوور بەهەمان شێوە.

ململانێی ئەنقەرە و تەهران لەسەر عێراقێکی لاواز، هەڵوەشاو و زۆر دەوڵەمەند لە سەرچاوە وزەییەکان، بووەتە یەکێک لە هۆکارەکانی گەمەی سیاسی بە کارتی کورد، بە تایبەتی تورکیا دەسەڵاتێکی باڵای هەیە لە سەر جووڵاندنی سەرۆکی هەرێم دژ بە حکوومەتی بەغداد. ئەم هەڵوێستە تاکڕەویانەی سەرۆکی هەرێم کارێکی هەرە ترسناکە، لەسەر ئاییندەی هەرێم کە لەبەرژەوەندی گەلی کورد نییە هەتا سەرچاوە تورکەکان ئاماژە بەو پەیوەندییە تاکییە (شەخسییە) دەکەن و دەپرسن: "پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئایا پەیوەندییەکی تەندرووستە؟ پاشان ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پەیوەندییە تاکییانە (شەخسییانە) مێژووییەکی تازەیە کە لەم سێ ساڵانەی دواییدا گەشەیەکی یەکجار بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە بەڵام تەنها لەگەڵ سەرۆکی هەرێم و زاواکەی.".[3]

ئەگەر ئەو پەیوەندییە بۆ دەوڵەتی تورکیا نا تەندروست بێت، بۆ گەلی کورد نەک هەر ناتەندروستە بەڵکو بۆ ئاییندەی زۆر مەترسیدارە، بۆیە دەبێت هەوڵ بدرێت بە ڕێگا گرتن بەم جۆرە پەیوەندییە تاکڕەویانە، وکۆتایی هێنان بە مامەڵە کردن بە ئەقڵیەتی ئاغای گوند بە سامانی ژێر خانی کوردستان.

---

[1] [1] Turkey and hydrocarbons in Iraq. Abdullah Bozkurt. January 2013 Monday.

[2] Turkey and hydrocarbons in Iraq. Abdullah Bozkurt.  Todayszaman.com…..14 January 2013 Monday.

[3] Turkey's KRG policy: Is it a healthy one? Abdulla Hawez. Todayszaman.com …. 8 April 2013

پێشبینی دەکرێت هەرێمی کوردستان بەرهەمی نەوتی بگاتە ٥٠٠ هەزار واتە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت کە ڕۆژانە هەناردەی دەرەوەی بکات، وە یەک ملیۆن بەرمیل لە ساڵی ٢٠١٥ ، ئەم ڕێژەیە لە زیاد بووندا بێت تا بگاتە دووملیۆن بەرمیل لە ماوەی ١٠ ساڵدا ئەم ڕێژە زۆرە بۆ تورکیا کافیە کە زۆربەی پێداویستیە هایدرۆکاربۆناتیەکانی وڵاتەکەی مسۆگەر دەکات. وە لە ماوەی دە ساڵدا کوردستان دەتوانێت پڕی ٢٠ بلیۆن مەتر سێجا لە غازی سرووشتی بفرۆشێت بە تورکیا. هیچ گومانی تێدا نییە کە تورکیا ئامانجی ئەوەیە کە دەیەوێت سەرچاوە وزەییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خۆی پاوان بکات.

پرۆژەکەی ولایەتی موسڵ، کە دەکاتە کوردستانی باشووری ئێستا لەلایەن ئینگلیزەکان لە ڕێگای (عصبة الامم) توانیان بە عێراقیەوە بلکێنن بە بێ ئەوەی پرس و ڕای کورد وەربگیرێت. تورکیا وا خەریکە برینی ئەو شکستە کۆنەی ساڕێژ بکاتەوە و هەوڵ دەدات بیگەڕێنێتەوە بۆ خۆی بەڵام ئەم جارە بە ڕەزامەندیی ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرایل.

بە بۆچوونی خۆم، پەیوەندی سەرکردەکانی پارتی دەسەڵاتدار لە هەرێم لەگەڵ بەغداد و ئەنقەرە هەردووکیان مەترسیدارن و زۆر شەخسی و عاطفین، لە ٢٢ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کورد فاشل بوون لە دە رسی دیموکراسی، ناتوانن وانەی ڕێزگرتن لە یاسا بدەن بە هیچ کەس، تۆماری تاکی (شەخسی) ئاغایانە ناگونجێت لەگەڵ ژیانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا، هەتا ڕۆژنامە نووسانی تورکیا بە ئەنقەست (عەمدی) چاو دادەخەن لەگەندەڵی کەسانی هاوپەیمانەکانیان لە باشووری کوردستان، زۆر چاک دەزانن ڕادەی خۆ پەرستی و ڕادەی ڕزی بوون لە ناو گەندەڵی دەسەڵاتدارانی کورد گەیشتووەتە چ ئاستێک.

بۆ ئەوەی باشتر لە پێویستیەکانی تورکیا بۆ نەوت و غاز تێبگەین، ساڵی ٢٠١٣ پێشبینی ئەکرێت تورکیا ٦٠ بلیۆن دۆلار فاتوورە بدات بۆ دابین کردنی پێداویستیە وزەییەکان، کە دەکاتە ٧٠% لە ) عەجزی بودجە ی ئێستا (بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە تێکڕای پێداویستیە وزەییەکان ٢٩%  لە نەوت دەردەهێنرێت و % ٣١ لە غاز، دەوڵەتی تورکیا ئێستا لە ژێر فشارێکی زۆر دایە بۆ دابین کردنی پێداویستییە ستراتیجیەکانی بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی وڵاتەکەی، تورکیا هاوردەی نەوتی% ٩٨ ە،  کە تەنها% ٢ بەرهەمی ناوخۆیەتی لەبەر ئەوە نابێت بیر لەوە بکرێتەوە کە تورکیا گرنگی نەدات بە دروسێی عێراقی دەوڵەمەند لە نەوتدا، لە کاتێکدا کە کۆمپانیا نەوتی و غاز، گرنگی و بایاخ دەدەن بە وڵاتە دوورەکان خاوەن بە نەوت وەک ڤەنزوێلا و کۆلۆمبیا، گرنگی نەدان بە عێراقی دراوسێ، کارێکی ناشیاوە.[4]

گومانی تێدا نییە کە تورکیا دەیەوێت دەوڵەمەندی ژێر خاکی کوردستان ببەستێتەوە بە بەرژەوەندی ئابووری خۆی.

واشنتۆن،یەکێتی ئەوروپا و ئیسرایل کۆکن لەگەڵ ئەوەی کە تورکیا ببێتە هێزێکی ئابووری باڵادەست لە باشووری کوردستان و لە سوریای پاش بەشار ئەسەد، بە جۆرێک ڕێگر بێت لە بەرفراوان بوونی ئابووری، سیاسی، مەزهەبی ئێران لە تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیا دەیەوێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە کاروباری کوردسان و هیچ شتێک نەبێت لەسەر کێشەی کورد بەبێ ڕەزامەندی خۆی. پرسی گرنگ ئەوەیە ئەگەر کوردستانی باشوور جیابۆیەوە لە عێراق بە فەرمی (ڕەسمی)، تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستانی باشوور دەکات؟

لە ئە نجامی زاڵ بوونی ئەقڵیەتی ئاغایەتی و تاکڕەوی کورد، لە ناو پەیوەندییە دیپلۆماسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لە ٢٢ ساڵەی ڕابردوودا، ئەوە دەردەخات بەرژەوەندی تورکیا هێندە قووڵ بووە کە بەتەواوەتی چووەتە ناو پڕیاری سیاسی باشووری کوردستان.

سەرکردەکانی حزبی دەسەڵاتدار لە باشووری کوردستان نەیانتوانیەوە گەمەی دیپلۆماسی بۆ بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بەکار بهێنن. نە لەگەڵ بەغداد نە لەگەڵ ئەنقەرە نە

[4] Turkey and hydrocarbons in Iraq. Abdullah Bozkurt.  Todayszaman.com …14January 2013 Monday.

لەگەڵ تەهران وە نە لەگەڵ دیمەشق. هەموو کات ئەو ئەقڵیەتە دەیان یات بۆ باوەشی یەکێک لەمانە دژی ئەوی تر، ئەمڕۆ لەگەڵ تورکیا دژی بەغدان، هەروەک لە ساڵانی حەفتاکان لەگەڵ تەهران دژی بەغدا بوون. کاتێک کە تەهران و بەغداد ڕێککەوتن لە جەزائیر، سەرکردەکان بانگەشەی چەک دانانیان کرد بەبێ گوێدانە دانی ئەو هەموو خەبات و تێکۆشان و قوربانیانەی کە کرابوون، وە خۆیان ڕوو لە تەهران کرد. ڕێکەوتنێکی هاوشێوە نابێت بە دوور بزانرێت لە نێوان ئەنقەرەو بەغدا دەبێت هەمیشە پێشبینی بۆ بکرێت.

بێگومان یەکێک لە هەرە شکستەکانی چینی ڕامیاری ڕۆشنبیرانی کوردستان باشوور لەم ٦٠ ساڵەی ڕابردوودا،ئەوەیە کە نەک هەر نەیان توانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد ڕزگار بکەن لەدەست ئەقڵیەتی ئاغایی گوند، بێ ئەندازە تەماع و خۆپەرست، بەڵکو ژمارەیەکی زۆر بوون بە ئامڕاز و داردەست لە پتەو کردن و گەشەپێدانی ئەم جۆرە حکومڕانیە کە بەتەواوەتی دژ بە بەرژەوەندی نەتەوەی کوردە، کە بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت نە لەگەڵ ئۆتۆنۆمی وە نە بۆ دەسەڵاتێکی سەربەخۆ.- بە راستی بە دەسەڵاتێکی مافیایی دەچێ - ڕۆشنبیرەکان خەریکی نان پەیداکردنن، کە ئەمە کارێکی سرووشتیە، بەڵام نەک نان پەیدا کردنێک لە بەرامبەر دەست بەربوون لە ئازادی و کەرامەتی خۆی و بەرژەوەندیی گەل، کە مخابن ئەمە دۆخەکەیە و لە ئەنجام دا ئەم جۆرە ڕەفتارە هەمووومان بەرەو ئاقارێکی ترسناک دەبات.

سەرکردەکانی هەردوو حزبی دەسەڵات، پارتی و یەکێتی ئەو سیاسەتە بەکار دەهێنن "سامانی میللەتی کورد بەرامبەر زەوت کردنی ئازادی میللەتەکەیان".
هەڵوێستی ڕۆشنبیران کە لە چواردەوری ئەم دەسەڵاتە گەندەڵەن بە شەو و بە ڕۆژ بە بەژن و باڵای سەرکردەکان هەڵدەدەن تەنها بۆ نان و دراو و هەوا و هەوەس و خۆشیی خۆیانە، بەرپرسن لەم ڕەوشە نا دادپەروەریە و خنکاندنی ئازادی و چە سپاندنی دیکتاتۆریەت لە کۆمەڵگەی کوردستاني باشوور، بەم شێوەیە ڕێڕەوی کاروانی گەل بۆ بەرەو ژیانێکی دیموکراسی و ئازادی و کەرامەت بۆ مافی هاووڵاتی بوون لە کوردستان بەرەو ئیفلیج بوون چووە.

بێ گومان لە هەلومەرجێک کە پاشە روژی گەلان لە مەترسییەکی بوون و نە بووندا بێ، قوربانیی پێویستە، نەك چەپڵەلێدان بۆ دەسەڵاتێکی گەندەڵ لە پێناوی زیاد بوونی موچە.

ئەیوب بارزانی

4.5.2013